# خوشکەکەی ڤوزی گوتی

Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin
4
کوردی ckb

بەیانییەکی زوو نەنکی ڤوزی بانگی کرد: "ڤوزی تکایە، وەرە ئەم هێلکەیە بۆ دایک و باوکت بەرە. ئەوان دەیانەوێ کێکێکی گەورە بۆ زەماوەندی خوشکەکەت دروست بکەن."

ڤوزی کە دەچوو بۆ لای دایك وەبوکی، لە ڕێگادا دوو کوڕی بینی کە خەریکی میوە لێکردنەوە بوون. یەکێك لە کوڕەکان هێلکەکەی لە ڤوزی فڕاند و بە دارێکی دادا. هێلکەکە شکا.

ڤوزی ھواری کرد: “ئەوە چیت کرد؟” ئەو هێلکەیە بۆ کێکێک بوو. ئەو کێکەش بۆ زەھوەندی خوشکم بوو. دەبێ خوشکم چی بڵێ ئەگەر هیچ کێکی زەھوەندی نەبێت؟

کوڕەکان لەوەی کە ئازاری ڤوزیان دابوو، پەشیمان بوون. یەکێک لەوان گوتی: “ئێمە ناتوانین لە دروستکردنی کێک یارمەتیت بدەین، بەڵام ئەم دارە بۆ خوشکەکەت ببە.” ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی خۆیدا.

لە ڕێگادا ئەو چووی بە دوو پیاو کەوت کە خانوویەکیان دروست دەکرد.
یەکێکیان پرسی: “ئێمە دەتوانین لەو دارە بەهێزە کەڵك وەرگرین؟”
بەڵام دارەکە بە ڕادەی پێویست بۆ خانوو دروست کردن بەهێز نەبوو،
بۆیە شکا.

ڤوزی هەواری کرد: "ئەوە تۆ چیت کرد؟ ئەو دارە نێرییەك بوو بۆ خوشکم. مێوە ڕنەکان ئەو دارەکانیان بە من دا، چونکە ئەوان هێلکەکانیان شکاند کە بۆ کێك دروست کردن بوو. کێکەکە بۆ زەماوەندی خوشکم بوو. ئێستا نە هێلکە و نە کێك و نە نێریەکیشم پێیە. دەبێ خوشکم چی بڵێت؟"

کرێکارەکانی خانوبەرەسازی زۆر بە داخەوە بوون کە دارەکەیان شکاند. یەکێکیان گوتی: "ئێمە ناتوانین بۆ کێکەکە هیچ یارمەتیەکت بدەین، بەڵام ها ئەوە هەندێك گیای وشک بۆ خانووی خوشکەکەت بەرە." دوایە ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی دا.

لە ڕێگا، ڤوزی جوتیارێک و هەنگیەکی بینی. هەنگەکە گوتی: "بیرە ئەو گیایە بەتامە، دەتوانم هەندێکی لێ تام بکەم ؟" بەڵام تامی گیایەکە زۆر خۆش بوو و هەنگەکە هەمووی خوارد!

ڤوزی هاواری کرد: "ئەوە چیت کرد؟ ئەو گلێیە دیارییەك بوو بۆ خوشکم.
کرێکارەکانی خانوبەرەسازی ئەو گلێیەکانیان بە من دا، چونکە ئەوان دارێکیان
لێ شکاندم کە هی مێوەڕنەکان بوو. مێوڕنەکان دارەکەیان بەمن دابوو،
چونکە ئەوان هێلکەکەیان شکانبووم کە هی کێکەکەی خوشکم بوو.
کێکەکەش بۆ شایی و زەماوەندی خوشکم بوو. ئێستا نە هێلکە، نە کێکێک
و نە دیاریەکم پێیە. دەبێ خوشکم چی بڵێت؟"

هەنگەکە پەشیمان بۆوە لەوەی کە چڵێس و چاوبرسی بوو. جوتیارەکە ڕەزامەندی نیشان دا کە هەنگەکە وەك بیرییەك بۆ خوشکەکەی لەگەڵ ڤوزی بڕوات. و ڤوزی درێژەی بە سەفەرەکەی دا.

بەڵام کە نیوەڕۆ داهات هەنگەکە هەڵات و بۆ لای جوتیارەکە گەڕایەوە.
ڤوزی لە سەفەرەکەی خۆیدا ڕێگای وون کرد. ئەو زۆر درەنگ بۆ شایی خوشکەکەی گەیشت. میوانەکان خەریکی نان خواردن بوون.

ڤوزی هاواری کرد: “دەبێ چی بکەم؟ مانگا هەڵاتووەکە وەک دیارییەک لە جیاتی ئەو گیایەی بوو کە کرێکارەکانی خانووبەرەسازی پێیان دابووم. کرێکارەکانی خانووبەرەسازی گیایەکەیان دابومێ لەبەرئەوەی ئەو دارانەیان شکاندبوو کە مێوەڕنەکان پێیان دابووم. مێوەڕنەکان دارێکیان دابوومێ، چونکە ئەوان هێلکەکانیان شکاندبوو کە بۆ کێکەکە بوو. کێکەکە بۆ زەماوەندەکە بوو. ئێستا نە هێلکە، نە کێک و نە دیارییەکیشم پێیە.”

خوشکەکەی ڤوزی کەمێك بیری کردەوە و دوای گوتی: “ڤوزی، براکەم، بە ڕاستی من گرینگی بە بیری دەدەم. من هەروەها گرینگی بە کێکیش دەدەم. ئێمە هەمووتان پێکەوە لێرە کۆبووینەوە، بۆیە من خۆشحاڵم. ئێستا بڕۆ جلی جوان لەبەر بکە و وەرە با جێژن بگێڕین.!” دوایە ڤوزی ئەو کارەی کرد.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## خوشکەکەی ڤوزی گوتی


Nina Orange
Wiehan de Jager
Agri Afshin


CC BY